مەسعود بارزانی: سبەینێ کە ڕۆژی ئەنفالەکان سەدان ژن زیندەبەچاڵکران

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەممە لە وتارێکدا ڕایگەیاند، سبەینێ کە ڕۆژی ئەنفالەکان سەدان ژن زیندەبەچاڵکران، بەڵام موهیم ئەوەیە کە دەبێت خەبات بەردەوام بێت، نابێت خەمان بچەمێنین، دەبێت هەمو دەرگایەك و هەمو مەجالێك بۆ ئافرەتبکرێتەوە بۆ ئەوەی بە باشی ڕۆڵی خۆی ببینێت و دەشێت، "بۆ یەکەمجار لە عێراق، کە ئافرەتێك لەسەدارەکە بدرێت، ئەویش کچێکی کورد بو کە بو بە سیمبولی خۆنەچەماندن".

مەسعود بارزانی بەشداری لە یەکەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی کوردستان لە شاری هەولێر کرد و لە وتارێکدا ڕایگەیاند، "ئومێدەوارم ئەنجامەکانی ئەم کۆنفرانسە ئەنجامەکانی لە ئاستی ئەو تەوقعاتە بێت کە هەمومان پێشبینیمان کردوە و ئەمە دەستپێکێك بێت بۆ لەمەودواش، من پێموایە ئەمە چالاکییەکی زۆر زۆر لە جێی خۆیەتی و ئینشائەڵڵا سەرکەوتو دەبێت".

وتیشی، "مومکینە ببێتە دوبارە کردنەوە بەڵام پێویستە مرۆڤ بیڵێت، من جارێکی تریش دەیڵێمەوە کە ڕۆژی ئافرەتی کورد قەت لە ڕۆژی پیاو کەمتر نەبوە، ئەگەر هەندێکجار زیاتریش نەبێت، لە شۆشی ئەیلول، لە شۆشی گوڵان، لە شەڕی داعش، ڕۆژێکی زۆر زۆر بەرچاویان

هەبوە، بە تایبەتی لە شێشی گوڵان، دایك بو، مامۆستا بو، جوتیار بو، هەروەك گوڵم لە وتارەکەی خۆم بو کە نازانم لە چ موناسەبەتێك بوە، بەناو حەقیقەت وایە، ئینجا دەبوایە پێش ئەوەی دونیا رونـاك ببێتەوە منداڵەکانیان ببەن بۆ بن بەردێك، بۆ بن ئەشکەوتێك لە ترسی ئەوەی فڕۆکەی بۆمبارانی گوندەکەیان نەکات و چەندین جاریش وابوە کە دایکێك بە منداڵیەوە شەهید بون، نانی پێشمەرگە، دیسان لەسەر ئافرەتی کورد بو، ئەو پێشمەرگەیەی کە لە جەبهە بو، دنیا بو کە دایکی یان خۆزانی، یان خوشکی چاوی لە منداڵەکانیەتی و نانی ئەویش دیسان مسگەرە، بۆیە هەرچی باسی ئافرەتی کورد بکرێت، کەمە".

ئەوەشیخستەو، "بۆ یەکەمجار لە عێراق، کە ئافرەتێك لەسەدارە بدرێت، ئەویش کچێکی کورد بو کە بو بە سیمبولی تێکۆشان و بەرخودان و خۆنەچەماندن، ئەویش لەیلا قاسم، چونە لای و پێیان وت نامەیەك بنوسە بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر، داوای عەفو بکەێ، تۆ کچی و ئافرەتی، عەفوت دەکەین، وتی ئەوە لەوە کەمترن من نامەی عەفو بۆ ئەوە بنوسم، من داوای عەفو لە میللەتی خۆم دەکەم".

دەشڵێت، "بەداخەوە ناحەزانی گەلی کوردستان زۆر هەوڵیاندا کە گەنجەکانمان بەلادا ببەن، ئینسان ئەگەر وەلای بۆ گەل و نیشتمانی نەبو، بەهای نامێنێ، سەرگەردان دەبێ، ئەو شەڕەی کە لەو ڕۆژەوە لەگەڵ ئیمەیان کرد، بە لای منەوە زۆر زۆر خەتەرتر و گەورەتر بو لە شەڕی تانك و فڕۆکە و تەنانەت کیمیاوی و ئەنفال، کاتێك گەنجێك پەروەردەی کرا و گەورە بو، هیچ وەلای بۆ خاکی خۆی نەبو، بۆ کوێ دەڕوا؟ مرۆڤ ئەگەر خاکی نەبو، سەرگەردانە، بۆقیمەتە، کەس قەدریشی نازانێت، خاکیش ئەگەر میللەتی لەسەر نەبێت، هیچ مانایەکی نامێنێت، لەبەر ئەوە مرۆڤ و خاك پێکەوە بەستراون".

باسی لەوەشکرد، "بەنسبەت ئەهمیەتی ئافرەت و مافی ئافرەت، بۆ ئیمە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە، چونکە پێش 120ساڵ، شێخی شەهید، شێخی گەورە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و لە دوای ئەویش جەنابی شێخ ئەحمەد، بەردەوام بون لەوەی کە مافی ئافرەت دەبێت پارێزراو بێت، ئیحترامی ئافرەت دەبێت پارێزراو بێت، ئەمە یەکێك بو لەو هۆکارانەی کە بارزان و تەریقەی بارزان زۆر بەرەوپێش ڕۆیشت، چونکە بەهیچ شێوەیەك ئەو هەندێك دابونەریتی کە جاران هەبو، بەداخەوە ئێستاش لە هەندێك شوێن ماوە، بەزۆر بەشودانی کچ، ئەمە شتێکی ئەوپەڕی تاوانە بەڕای من، دەبێت ئارەزومەندانە بێت کچ و کوڕ"

هەر لە وتارەکەیدا مەسعود بارزانی رایگەیاند، "سبەینێ ڕۆژی ئەنفالە، سەدەها و دەتوانم بڵێم هەزارەها دایك لەگەڵ منداڵی زیندەبەچاڵ کران، ئیمە سێاو دەنگرین بۆ گیانی پاکی هەمو ئەو شەهیدانە و بە تایبەتی ئەو دایکانەی بە منداڵەوە زیندەبەچاڵ کران و

ئەو چەند گەلە بەکەمەلەی کە دزرانەوە، چەندینجار بینیمان کە دایك لەگەڵ مندالەکەی پکەوە شەهید کراون، موهیم ئەوەیە کە دەبت خەبات بەردەوام بت، نابت خمان بچەمنین، دەبت هەمو دەرگایەك و هەمو مەجالك بە ئافرەت بکرتەوە بە ئەوەی بە باشی رەی خی ببینت، من دنیام کە دەتوانن رەی ختان ببینن".